### دوو بەهرەمەند لە مەخموور

# ئەلەند دلشاد: هیوادارم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەربگیرێم

# ئەوین ئەیوب: ئەو کچانەی حەز بەگۆرانی دەکەن بادەنگیان تاقیبکەنەوە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

هەردوو بەهرەمەندی مەخموور (ئەلەند) و (ئەوین) ئەمساڵ توانیان چەند خەڵاتێك بۆ پەروەردەی مەخموور مسۆگەربکەن، ئەلەند جگە لەوەی دەستی نووسینی هەیە، هەروەها کاری شانۆیی‌و موزیك ژەنین دەکات، بەڵام ئەوین خاوەن دەنگێکی ناسك‌و خۆشە، لێرەدا ئەو دوو بەهرەمەندە بەسەردەکەینەوە.

(ئەلەند دلشاد جەوهەر) یەکێکە لەبەهرەمەندە سەرکەوتووەکانی مەخموور، قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی قوتابخانەی (بازاڕگەی هاوچەرخ)ی سەر بەپەروەردەی مەخموورە، ئەندامە لەتیپی مۆسیقای منداڵانی مەخموور، ئەمساڵ لەفیستیڤاڵی پاڵاوتنی ساڵانەی هونەری‌و رۆشنبیری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر پلەی دووەمی لەسەر ئاستی دە پەروەردەی هەرێم بەدەستهێنا.

ئەلەند جگە لەوەی دەستی نووسینی پەخشان‌و شیعری هەیە، لەهەمانکاتدا توانی ژەنینی ئامێری کەمانجەی هەیە، لەوبوارەش موزیکی بۆ سێ گۆرانی ژەنیوە ئەوانیش گۆرانیی (بەرخەکەم) کە لەلایەن (ئەوین ئەیوب) گوتراوەو، (جەژنی منداڵانی دونیا) لەلایەن (محەمەدو ئەوین) گوتراوەو، (پشیلەکەم) لەلایەن (ئایە عیماد) گوتراوە. ئەلەند لەلایەن (عیماد جەمیل‌و مامۆستا هاوکارو ئەحمەد) فێری موزیك بووە، هەروەك دایك و باوکی زۆر هانی دەدەن، ئەو سەرسامە بە کارەکانی مامۆستا هەڵبەست سەلاح، داواکاریشە خولی زیاتر بۆ منداڵانی بەهرەمەنی مەخموور بکرێتەوە، هەروەها دەڵێت "هیوام ئەوەیە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەربگیرێم‌و بتوانم لەداهاتوو لەبواری میوزیك ژەنی شارەزایی باشم هەبێت".

لەلایەکی دیکەوە ئەلەندی بەهرەمەند بەشداری لە پرۆڤەی شانۆگەرییەك دەکات بەناونیشانی (خەنجەری ناو سندووقەکە) کە بەنیازن بەمنزیکانە بەشداری لەپێشبرکێی شانۆی منداڵانی پەروەردەکانی هەرێم بکات.

(ئەوین ئەیوب محەمەد) یەکێکە لەبەهرەمەندە دەنگخۆشەکانی مەخموور، ئەوین قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیە لەقوتابخانەی قەراج، ئەمساڵ دووەم جارە بەشداری فیستیڤاڵی پاڵاوتنی ساڵانەی هونەری‌و رۆشنبیری دەکات، توانی بەگۆرانی (بەرخەکەم) سەرجەم ئامادەبووانی ئەم فیستیڤاڵە سەرسام بکات، ئەو هونەرمەندی لاو (عیماد جەوهەر) بەپاڵپشتی سەرەکی خۆی دەزانێت بۆ گۆرانی گوتن.

ئەوین ئاواتەخوازە هەموو کچێکی ئەم دەڤەرە ئەگەر حەز بە گۆرانی دەکات دەنگی خۆی تاقی بکاتەوەو گۆرانی بڵێت‌و دایکان‌و باوکانیش رێگری لە کچەکانیان نەکەن، بۆیە ئەو سوپاسی دایك و باوکی دەکات کە هەمیشە هانی دەدەن بۆ کاری هونەری. ماوەتەوە بڵێن ئەوین ئەیوب حەز بەدەنگی کچە گۆرانیبێژی کورد (چۆپی فەتاح) دەکات.





# لە حزووری گڵکۆی باوکم



**فەرید مەخمووری**

دەست نوێژی وەفا دەشۆم و بە سرتە دێمە حزوورت
توند باوەشت پێدا دەکەم، تا دڵم پڕ بێ لە نوورت
باوکە، خۆڵی سەر گۆڕەکەت بۆنی باوەشی تۆی لێدێ
ئەو باوەشەی هەر ساتێکی موڵکی هەموو دونیای پێدێ
تۆ ئێستاکەش شا ڕەشماڵی خەونی وەنەوشەیی منی
هەموو شەوێ لەگەڵمدا دێیت و دەچی بە هێمنی
خۆمن پاشی ماڵئاواییت بێکەس و غەریب مامەوە
بەڵام دڵخۆشم بەوەی کە بۆ ناحەز نەچەمامەوە!
باوکە دەزانی دوای کۆچت کەس نەبوو نازم بکێشێ؟
ڕۆژگار کارێکی پێکردم، خۆشتر بوو گیانم دەرکێشێ!
ئاخ لە ڕۆژگاری لەعنەتیی، داخ لە غەمی دەربەدەریی
ئەو ساتانەی هەر ڕۆژێکم ساڵێك بوو لە چەرمەسەریی
شۆستە نەرمترین جێگاو، تاشە بەردێکیش سەرینم
تا نزیکترین کەسی خۆم گاڵتەی دەهات بە برینم!
تۆ بۆمن پشت و پەنا بووی، هەر باوك نەبووی چیا بووی
من ئێستاکەش سەیرم پێدێ، تۆ لەگشت باوکێك جیا بووی!
لەدوای زەمەنێك دابڕان هێشتا لەناخمدا زیندوویت
بێ ئومێد نیم لە دیتنەوەت. تۆ نەمردووی، بەڵکوو ونبوویت.!

**کوردستان – مەخموور**
**٢٦ / ٤ / ٢٠٠٩**

# گزنگی خەمان



**عوسمان قادر عەلی**

داخ‌و کەسەرت لەتی کرد ئەژنۆم
قەراجۆک چۆڵی، هەی هاوار بۆ خۆم
لەتۆ زیز نەبوون خەڵک و خزمانت
بێ بارانی تۆ، شکاندی ئەستۆم!!
************

لە بازاڕگەی کە شۆڕبوویتە خوارێ
قەراجۆک غێمە و خۆڵ دەبارێ
قەراج لە غێمێ، قەراج لە غێمێ
یارم دڵ تەنگە، ناچێتە بێرێ
************

ڕەشماڵی جاران، هۆبەو هەواری
کەڵەکە بەردو جیغ و حەساری
لە بنار شاخی قەرەچووغی ڕەش
بۆ جۆڵیان کردو بۆ چوونە شاری؟
************

قەرەچوغ بەرزی، لەدوور دیاری
خەمی قەراجت، بەسەر دەباری
تۆی لانەی شێران، لەو دەشتی دێمی
یەک بەباڵاکەت، حەز لەروخساری

# وۆرکشۆپێك بۆ بەئەرشیفکردنی دیمانەی هونەری ساز دەکرێ

**دەنگی مەخموور- هەولێر**

بنکەی مەقام لەرۆژی ٢٠١١/٤/١٨ وەك هەوڵێك بۆ ئەرشیفکردن، لەبارەگای بنکە لەهەولێر وۆرکشۆپێکی لەسەر بەئەرشیفکردنی دیمانەی هونەری سازداو رۆژنامەی (دەنگی مەخموور)یش بانگهێشتی ئەو وۆرکشۆپە کرابوو.

نایف شێخانی بەرپرسی بنکەی مەقام تایبەت بە دەنگی مەخموور رایگەیاند "ئێمە بەم ستافە کەمەی لەبنکەکە هەمانە بەرنامەیەکی چڕوپڕمان لەبەر دەست دایە، یەك لەوانەش بە ئەرشیف کردنی دیمانەی هونەری‌و سەرەتاش لەهەولێر دەست پێ دەکەین، ئێستاکە لەسەر داوای بنکەی مەقام، دکتۆر نەهرۆ زاگرۆس بەسەردانێك لەکوردستانە، وۆرکشۆپێکی سازدا بۆ ستافی بنکەی مەقام‌و بەشێك لەدەزگاکانی راگەیاندن لەسەر بەئەرشیفکردنی دیمانەی هونەری، کە تەنیا رۆژێکی خایاندو بەنیازیشین درێژە بەم بەرنامەیە بدەین". لەلایەن خۆیەوە د.نەهرۆ زاگرۆس لەبارەی ناوەڕۆکی وۆرکشۆپەکە گوتی "ئەم وۆرکشۆپە زیاتر لەسەر ئەرشیفکردنی گۆرانی‌و مۆسیقای کوردییە، ئامانج لە ئەرشیفکردن چییە، چۆن دیمانەی هونەری ئەرشیف بکەین، ئەگەر پێویستی بە کاری مەیدانییە هەنگاوەکانی چین، ئەگەر پێویستمان بە نووسینەوەیە بە چ شێوەیەك بینووسینەوە، ئێمە گەنجینەیەکمان هەیە، بەڵام سیستەمی بەئەرشیفکردنمان نییە، بۆ بەئەرشیفکردنیش هەوڵ دراوە، بەڵام بەبەراورد زۆرمان ماوە". شایەنی باسە لەو وۆرکشۆپە (کارزان غەمگین) ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی دەنگی مەخموور لەم وۆرکشۆپە بەشداری کردبوو.



# دیوەخانی حاجی سمایل

**ئا: جەلال خەیلانی**

**حاجی سمایل: کوڕێك دەرێ بەرەقەمەکی نەزانراو کچێك پێم دەڵێ خۆشتم دەوی، چی بکەم باشە؟**

– کەسی مامی، ئەتۆش ئەو گۆرانییەی لۆ برێ (گیانە تۆ بووی یەکەمین کەس، نامەی دڵداریت دامەدەس، بەدڵ شەیدام بۆجوانی تۆتەنیا بووی هەرتۆی تۆبەس) خۆهەر لۆت نامینێم کەسی مامی.

**حاجی سمایل: ئەگەر شەوێ کارەبا کوژاوە چیدەکەی؟**

– لۆ بابە نازانی شەڕە پێشکەی دەکەم، چونکە خەستەخانەی مەخمووری لەئاخیری ساری ئەوجا بەخۆ دەکەون‌و دوکەری بەناو ماران وەردەکەن؟

**حاجی سمایل: ئەگەر مرور ئیجازەت لێبستینن چی دەکەی؟**

– بەخوای فەقیری، یەکسەر تەلەفۆن لۆ بابیان دەکەم‌و یان لۆ خزمەکی، هەر قەرداریش دەبنەوە، چونکە مرورەکان هەمووی هەر هی خۆمانن چیان پێناکرێ لەگەرمان.

**حاجی سمایل: کچێك دەرێ راستە درەنگ دەچیە ماران‌و هەتا نیوەی شەوێ هەرناستی؟**

– ئەرێ وەڵا سەعات ١٠ دەچم‌و هەرناستم هەتا هەمووی خەوەکوتکەی دەبنەوە هەر تەماشای سەعاتی دەکەن‌و ئەمنیش هەر فشەم پێ دێت.

**حاجی سمایل : کچێك دەرێ ئەمن دەمەوێ عاشقاتیت لەگەڵ بکەم، کو بتبینم؟**

– خوادەکا ئەتو ئەوەی بکەی، کەس دەستی کەرەمانی نەگێرایتەوە. بەس نوکەکم لۆ بکە، ئەمن بەخۆم دێم لۆ مارتان.

**حاجی سمایل: کوڕێك دەرێ کچێکم خۆشدەوی ناتوانم بیبینم ، چی بکەم باشە؟**

– کورە بی یەغبار مۆبایلەکی لۆ بکرە، یان ئەوگۆرانیەی لۆ برێ (من لە دوورو تۆ لەدوور بەمجۆرە خۆشە دڵداری)

**حاجی سمایل: کچێك دەرێ راستە حاجی حەزی لە کچی ئەلمۆدەیە؟**

– ئەرێ وەڵڵا لە نوێژێش لەبیرم ناچنەوە، هەر خەیارم لەلایانە، ئەدی خۆ وەکی هەمینێ نینە، بۆن سماقی ترشای لێ دێ.

- **کاوڕ**: پەلەمەکە لەکارەکانت ئەوکەسەی تۆ هەڵتبژاردووە زۆرگونجاوە، لەوماوەیەدا تووشی هەندێ گرفتی خێزانی دەبیتەوە، پێویستیت بەپیاسەکردن هەیە.
- **گا**: خۆش باوەڕیت وات لێ دەکات کە تووشی کێشەوگرفت ببیەوە، پێکەنین هۆیەکی باشە بۆلابردنی خەمەکانت، ئاگات لەوکەسە بێت کەنهێنی لەلادەدرکێنی.
- **جمك**: رێگەیەکی سادەت هەبێت بۆ ئەوەی لەدڵەوە لەخۆشەویستت بگەیت‌و ماوەیەکی زۆرە هەستەکانت جێگیر نییەو مەترسە لەداهاتوو، ماوەیەکە هەست بە تەنگی دەکەیت ئەوەش زوو دەڕوات.
- **قرژاڵ**: ئەو کەسەی داوات لێدەکات لەسەری بوەستە بۆ ماوەیەك دواتر وەڵامی بدەرەوە، شێوازی کارەکانت بگۆڕە، لەبواری پەیوەندییەکانت سادە ببە بۆ ئەوەی سۆزدارییەکانت بەهێزبکەی.
- **شێر**: رێگەیەکی سادەت هەبێت بۆ ئەوەی لەدڵەوە لەخۆشەویستت بگەیت‌و ماوەیەکی زۆرە هەستەکانت جێگیر نییەو مەترسە لەداهاتوو، ئاگات لەوکەسە بێت کەنهێنی لەلادەدرکێنی.
- **گوڵەگەنم**: خۆت مەخەرە نێوکێشەی کەسانی تر, کەسێکی گران‌و بەسەنگی، لە قسەی کەس مەترسەو چونکە تۆ دڵت پاکە بەرامبەر ئەوانەی نیازی گرفتی تۆیان هەیە.
- **تەرازوو**: ئەو ئاواتەی لە دڵتە بۆت جێبەجی دەبێت‌و لەماوەیەکی نزیکدا کەسێکی تازە دەناسیت، وەکو کەسی بەرامبەرت رەفتار مەکە، گرنگی بە هەستەکانت بدەو رێگەش بە کەس مەدە نهێنییەکانت ئاشکرا بکات.
- **دووپشك**: کاتەکانت دیاری بکەو ئەم ماوەیە متمانەت بەخۆت نەماوە تاوەکو لەداهاتووت باش بیت یارمەتیدانی کەسانی دیکە زیاتر پەیوەندیکانت بەرەو باشی دەبات.
- **کەوان**: بەقسەی خراپ باوەڕ مەکە هەفتەی داهاتوو دەبێتە بارودۆخێکی باشەوە، گرنگی بەبواری پەیوەندیەکانت بدە، ئەمرۆت لەدوێنێ باشترە واچاکە گەشتێك ئەنجام بدەی.
- **گیسك**: خاوەن کەسایەتیەکی تورەی ئەگەر وابڕوات تووشی کێشەی گەورەتر دەبیتەوە، هەوڵ بدە گۆرانکاری بکە پێویستیت بەهاورێیەکە بۆئەوەی یارمەتیت بدات‌و ڕزگارت بکا لەو ناخۆشیە.
- **گۆزە**: لەوانەیە تووشی کێشەی دارایی ببیت بۆیەدەبێت ئاگات لەخۆت بێ.هەست بەئارامیەکی زۆردەکەی چونکە خۆشەویستەکەت زۆر لێتەوە نزیك بووە، ئیسراحەتێك بکەو ئینجا هەنگاوبنێن.
- **نەهەنگ**: واچاکە لەبیری خۆشەویستەکەت دابی ئەو ئێستا زۆر پێویستی بەتۆوە هەیە، دەوروبەرت حەزدەکەن لەگەڵت بدوێن چونکە ئێستاباشترین کاتە بۆخۆسەلماندنت لەکارو پیشەکەت.

## لەخولی تۆپی پێی یانە پلە دووەكانی كوردستان

# یانەی مەخموور چوار بردنەوە تۆمار دەكات

**عەبدولرەحمان ئادەم**

لەمانگی نیسانی رابردوو یارییەكانی خولی تۆپی پێی یانە پلە دووەكانی كوردستان بەبەشداری ١٨ یانە دەستیپێكردو یانەكانیش بەسەر دوو كۆمەڵەدا دابەشكراون و یارییەكانیش بەشێوەی دەوری بەیەك قۆناغ بەڕێوەدەچێت.

ئەوەی تایبەت بەیانەی وەرزشی مەخموور كە چەندین ساڵە نەیتوانیوە لەخولی پلە دوو خۆی دەربازبكات، بەڵام ئەمساڵ ئەگەری زۆر هەیە كە بتوانێت بۆ یەكەمجار ئەو قۆناغە ببڕێت. سەبارەت بەیانەی مەخموور لەكۆمەڵەی دووەم یاری دەكات و شان بەشانی هەریەك لەیانەكانی (دووكان، ئاكرێ، پیشەسازی، هاوكاری دووز، سیروانی شارەزوور، تاخی، زەرایەن).

یانەی مەخموور تاكو ئێستا شەش یاری ئەنجامداوە، توانیویەتی ٤ بردنەوە تۆماربكات و لەدوو یاریەش تامی دۆراندنی چێشتووە، واتا مەخموور توانیویەتی ١٢ خاڵ بەدەست بهێنێ، ئەگەرچی لەتوانای داهەبوو كە بەلای كەمەوە سێ خاڵی دیكە بەدەست بهێنێ، بەڵام ئەمساڵ بەشێوەیەكی گشتی تائەم قۆناغە بەئاستێكی باش دەركەوتووە. سەبارەت بەو ئاستەی ئێستای یانەی مەخموور دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە یانەكە ٩ یاریزانی هێناوەتە ریزی یانەكەیەوە، هەروەها (بژار ئەكرەم) پلریدەدەری راهێنەری پێشووی یانەی "بروسك"ی هەولێر ئێستا راهێنەرایەتی یانەی مەخموور دەكات، هەموو ئەو گۆڕانكارییانەی ئەمساڵ ئومێدێكی زۆر دەبەخشێتە یانەی مەخموور كە بتوانێ گرێ كوێرەی دەربازبوون لەخولی پلەدووی كوردستان بكاتەوە.

ئەنجامی یارییەكانی یانەی مەخموور بەم شێوەی خوارەوەیە:

مەخموور (١-٠) دووكان
مەخموور (٠-١) ئاكرێ
مەخموور (٣-١) تاخی
مەخموور (٣-١) سیروانی شارەزوور
مەخموور (١-٣) هاوكاری دووز
مەخموور (١-٠) پیشەسازی


یانەی مەخموور (فۆتۆ: عەبدولرەحمان ئادەم)

# ٩١ رۆژی دیكە بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید رووبەڕووی یەكتردەبنەوە



دوای ئەوەی لەوەرزی ئەمساڵدا، پێنج كلاسیكۆی نێوان ریاڵ مەدریدو بەرشەلۆنەمان بینی كە لەماوەی ١٨ رۆژدا چوار كلاسیكۆیان ئەنجامدرا، ٩٠ رۆژی دیكەش دو كلاسیكۆی تر دەبینین.

ریاڵ مەدرید وەرزی ئەمساڵ توانی نازناوی جامی شای ئیسپانیا لەسەر دەستی یانەی بەرشەلۆنە بەدەست بێنێت، لەلایەكی ترەوە یانەی بەرشەلۆنە توانی نازناوی خولی ئیسپانیا مسۆگەربكات بەمەش دەبێت هەردوو یانە لەجامی سوپەری ئیسپانیا بەیەك بگەن.

جامی سوپەری ئیسپانیا، پاڵەوانێتییەكە ساڵانە رێكدەخرێت لەنێوان ئەو دوو یانەیەی كە یەكێكیان نازناوی خولی ئیسپانیا دەباتەوەو ئەوی تریان نازناوی جامی شای ئیسپانیا، ئەگەر وەرزێك رووبدات یانەیەك هەردوو نازناوەكە بباتەوە، ئەوا لەگەڵ یانەی دووەمی ریزبەندیدا یاریی كۆتایی ئەنجام دەدات. یاریی یەكەمی جامی سوپەری ئیسپانیا رۆژی ٨/١٤ ئەنجام دەدرێت و یاریی گەڕانەوەش رۆژی ٨/١٧ ئەنجام دەدرێت.

# عەبدولخالق مەسعود دەستی لەكار كێشایەوە



عەبدولخالق مەسعود جێگری سەرۆكی یانەی هەولێر و ئەمینداری دارایی یەكێتی تۆپی پێی عێراق و سەرۆكی لیژنەی پێشبركێكەكانی عێراق بەفەرمی دەست لەكار كێشانەوەی خۆی لە سەرۆكایەتی لیژنەی پێشبركێكان راگەیاند.

عەبدولخالق مەسعود لە لێدوانێكی بەئاژانسی پەیامنێر رایگەیاند "رۆژی پێنجشەمەی رابردوو بەفەرمی دەست لەكاركێشانەوەی خۆم لە سەرۆكایەتی لیژنەی پێشبركێكەكانی عێراق راگەیاندو پێشكەشی یەكێتی تۆپی پێی عێراقم كرد بۆ ئەوەی رەزامەندی لەسەر بدەن و تائێستا یەكێتی تۆپی پێی عێراق وەڵامی داوای منی نەداوەتەوە". لەدرێژەی قسەكانیدا عەبدولخالق مەسعود روونی كردەوە "هۆكاری دەست لەكاركێشانەوەم بۆ نەبوونی سیستەمی كاركردن لەم لیژنەیە هەر ئەندامێك بەخودی خۆی بڕیار دەدات و یاری دوادەخات و یاری یانەكان بەڕێوە دەبات بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆكی لیژنە ئەمەش كارێكی ناشیاوە".

لەكۆتایی قسەكانیدا عەبدولخالق مەسعود گوتی "تائێستا یەكێتی تۆپی پێی عێراق و حوسێن سەعید سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی عێراق وەڵامی منیان نەداوە".

# وێنەی مارادۆنا لەسەر دراوی وڵاتی ئەرژەنتین دادەنرێ

ژمارەیەكی زۆر لەهاوڵاتیانی وڵاتی ئەرجەنتین، لەسەر سایتە كۆمەڵایەتییەكان داوای ئەوە دەكەن وێنەی مارادۆنا بخرێتە سەر دراوی وڵاتەكەیان.

ماوەیەكە چەند گروپو لایەنێك بۆ هێشتنەوەی كەسایەتی مارادۆنا، چەند پێشنیارێكیان خستە بەردەم یەكێتیی تۆپی پێی وڵاتەكەیان و دوای ئەوەی گەورەترین كەنیسەی وڵاتەكەیان كرد بەناوی مارادۆناوە، ئێستا دەیانەوێت وێنەی ئەو ئەستێرەیەی ئەرجەنتین بخەنە سەر هاندەرانی ئەرجەنتین لەسەر سایتەكانی فەیسبوك و تویتەر وێنەی مارادۆنایان خستۆتە سەر دراوی ١٠ پیزۆو لەبری مانوێل بلگرانۆ چاپكراوە. رۆژانە نزیكەی ٢٠٠٠ كەس لەسەر سایتە كۆمەڵایەتیەكان پشتگیری ئەو بیرۆكەیە دەكەن و دەیانەوێت دراوی ١٠ پیزۆ تایبەت بكرێت بەمارادۆناو وێنەی ئەویشی لەسەر چاپ بكرێت.


دراوێك كە برەكەی ١٠ پیزۆیە.

# نهێنییەكانی رۆناڵدۆ ئاشكرا دەكرێن



**بورهان سلێمان**

ئیمۆ گان تۆماس ئەستێرەی بەرنامەی بەناوبانگی جیهانی ( big brother) كە لەپێشوودا پەیوەندییەكی خۆشەویستی لەگەڵ كریستیانۆ رۆناڵدۆی خاوەن گرانترین بۆندی جیهان و هێرشبەری یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانیا هەبووە، چەند نهێنییەكی پەیوەندییەكەی ئاشكرا دەكات و هەمووان بەو نهێنیە سەرسام دەكات.

ئیمۆ گان ئەوەی ئاشكراكردووە كە ماوەی (٥) ساڵ پەیوەندییەكی خۆشەویستی بەهێزی لەگەڵ كریستیانۆ هەبووە و كریستیانۆش تا ئەندازەی شێت بوون خۆشیویستووەو رۆژانە زیاتر لە (٢٠) جار پەیوەندی پێوەكردووە، لەمبارەوە دەڵێت "ماوەی (٥) ساڵ هیچ كات لەیەكتر جیانەدەبووینەوەو ژیانێكی زۆر خۆشمان بەسەردەبرد، بەشێوەیەك منی خۆشدەویست رۆژانە زیاتر لە (٢٠) پەیوەندی پێوە دەكردم".

ئەم دانپیادانان و ئاشكراكردنی پەیوەندییەش لە ئەنجامی ئەوەدێت كە ئیمۆی تەمەن (٢٨) ساڵ دووچاریی كێشەیەك بووە لەگەڵ یەكێك لەیاریزانەكانی ئینگلتەرا، هەرچەندە ناوی یاریزانەكە ئاشكرا نەكراوەو ئەویش دوای هاتنە دەرەوەی لەدادگا ئەم نهێنییەی ژیانی خۆی بۆ كەناڵەكانی راگەیاندن ئاشكرا كردووە.

كریستیانۆ رۆناڵدۆش بەیەكێك لەویاریزانانە دادەنرێت كە پەیوەندییەكی زۆری خۆشەویستی و سێكسی لەگەڵ كچاندا هەیە، لەم رووەشەوە لەراپۆرتێكی سەرسوڕهێنەردا ئەوە ئاشكراكراوە كە كریستیانۆ پەیوەندی زیاتر لەگەڵ (١٠٠) كچدا هەبووە.

هەواڵە وەرزشییەكان

## هەواڵە وەرزشییەكان

**یانەی هەولێر سەركەوت بۆ قۆناغی دووەمی جامی یەكێتی ئاسیا**

دوای بردنەوەی یانەی هەولێر بەئەنجامی ٣-٠ بەرانبەر یانەی كەرامەی سووری خۆی گەیاندە قۆناخی دووەم لەجامی یەكێتی ئاسیا. گۆڵەكانی ئەم یارییەش لەلایەن یاریزانان (سەعد عەبدول ئەمیر، موستەفا ئەحمەد، یونس شكور) تۆماركران، بەم سەركەوتنەش یانەی هەولێر كۆی خاڵەكانی بەرزكردەوە بۆ (١٤) خاڵ بەپلەی یەكەمی گرووپی پێنجەم سەركەوتو یانەی عەهدی لوبنای بە پلەی دووەم سەركەوت بۆ قۆناغی دووەم.

**یانەی هەندرێن بووە پاڵەوانی كوردستان**

یانەی هەندرێنی شاری هەولێر توانی بۆ یەكەمجار لەمێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی خولی تۆپی پێی یانەكانی كوردستان و یانەی هەولێریش بە پلەی دووەم رازی بوو، بە دوو گۆڵی بارزان شێرزادو سینان جەمیل كە لەدوا گەڕی خولەكە لەگۆڵی یانەی بروسكیان كرد، یانەی هەندرێن بەكۆكردنەوەی ٥١ خاڵ بووە پاڵەوانی خولی یانە نایابەكانی كوردستان.

**یانەی میلان پاڵەوانی خولی ئیتاڵیا**

یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵیایی دوای یەكسانبوونی لە یارییەكەی بەرامبەر رۆما، نازناوی پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی پلە یەكی ئیتاڵیایی مسۆگەر كرد، بەمجۆرە میلان توانی بۆ ١٨مین جار نازناوی خولی ئیتاڵیا بەدەست بهێنێ كەدواجاریش لەوەرزی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ بووە پاڵەوانی خولی ئیتاڵیا.

**بەرشەلۆنە بوە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا**

دوای یەكسانبوونی لەگەڵ یانەی لیڤانتی بەشێوەیەكی فەرمی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی بووە پاڵەوانی خولی پلە یەكی ئیسپانیا بۆ ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١، دوای تەواو ئەو یارییەش یاریزانان و راهێنەران و كارگێری یانەی بەرشە دەستیان بەزەماوەند گێران كردو بۆ سێیەمجار لەسەریەك بوونە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا.

**ئینێستا : ئیتۆ شایستەی پەیكەرە**

ئەندریاس ئینێستای ئیسپانی و یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە ئیتۆ بەشایستەی ئەوە دەزانێت پەیكەرێكی بۆ دورستبكرێت. ئینێستا رایگەیاند "ساموێل ئیتۆی كامیرۆنی و یاریزانی پێشوی یانەكەیان و ئێستای یانەی ئینتەرمیلان شایستەی ئەوەیە پەیكەرێكی بۆ دروستبكرێت و لە كامپ نو دابنرێت.

# تیپی تۆپی پێی مەخموور لەساڵی ١٩٧٩دا



**عەبدولرەحمان ئادەم**

بۆ وێنەی ئەمجارەی بەپێویستمانزانی تیپی تۆپی پێی مەخموور لەساڵی ١٩٧٩ بەسەربكەینەوە، ئەم وێنەیە دەیبینن لەكاتی یاریی نێوان (تیپی لاوانی مەخموور) بەرانبەر (تیپی رزگاری)ی شاری هەولێرە لەساڵی ١٩٧٩دا گیراوە. ئەم یارییەش لەیاریگای مەخموور بەئامادەبوونی جەماوەرێكی زۆری وەرزشدۆست بەڕێوەچوو، كە تیایدا تیپی لاوانی مەخموور بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ توانی سەربكەوێتبەسەر تیپی رزگاری.

یاریزانە راستاوەكان لەلای راستەوە بۆ چەپ بریتین لە: (شەهید عەزیز قادر، ئەبوبەكر عومەر، ئیبراهیم قادر، سەمیر محەمەد، رەفیق سەید عوسمان، شەهید ئەبوبەكر مستەفا، قاسم شێخ محەمەد).

یاریزانە دانیشتووەكان لەلای راست بۆ چەپ بریتین لە: (ئازاد حوسێن، نەوزاد سەید عوسمان، تەحسین مام رەش، محەمەد مستەفا، عەبدولرەحمان ئادەم، سەرباز حەسەن).

**مۆبایلی سەرنووسەر**
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
makhmur@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**
خەلیل پاڵانی - عەبدولرەحمان ئادەم
كارزان خەمگین

**ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی**
www.mexmurpress.com

**ناونیشان**
كوردستان - هەولێر
مەخموور